ئاینده‌ی ڕۆژنامه‌ له‌ ناو هه‌ڵه‌شه‌ی هه‌یه‌کانی دیکه‌ی میدیادا.. نه‌ژاد عزیز سورمێ

ئه‌مڕۆ له‌ دونیای میدیادا باس له‌و هه‌ڕه‌شه‌ و گه‌فانه‌ ده‌کرێ که‌ په‌ره‌سه‌ندنی هه‌یه‌کانی پێکگه‌یشتن له‌ ڕۆژنامه‌ی ده‌کا ، ئه‌وانه‌ی ئه‌و جۆره‌ باسانه‌ ده‌که‌ن ، بیروبۆچوونه‌کانیان له‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێ ئیتر میدیای بینراو و ده‌رهاوێشته‌کانی دیکه‌ی په‌ره‌سه‌ندنی ته‌کنه‌ڵۆژیای پێکگه‌یشتن و تۆڕه‌کانی ئینته‌رنێت گۆڕه‌ی به‌ ڕۆژنامه‌ (به‌ ڕۆژنامه‌ی ڕۆژانه‌یشه‌وه‌) به‌ ئاده‌یه‌کی باوه‌ڕنه‌کرده‌ لێڕکردووه‌ و ئه‌و ئه‌رکه‌ی تا دوێنێ به‌ ڕۆژنامه‌ هه‌ڵنه‌ده‌سووڕا ، ئه‌مڕۆ به‌ هۆی تۆڕه‌کانی ئینته‌رنێت و که‌ناڵه‌ ئاسمانییه‌کان به‌ ئاسانی هه‌ڵده‌سووڕێ ، سه‌ره‌ڕای ئازادی ده‌ربڕین و بڵاوکردنه‌وه‌ به‌ تایبه‌تی به‌ هۆی ئینته‌رنێته‌وه‌ ، که‌ هه‌ر تاکێك ده‌توانێ هه‌موو جیهان له‌سه‌ر شاشه‌ی کۆمپیوته‌ر یا مۆبایله‌که‌یدا ببینێ و ببینرێ..

که‌ناڵه‌ ئاسمانییه‌کانیش وه‌ك ده‌بینین دوای فه‌راهه‌مبوونی سێڵی وه‌رگرتن به‌ نرخێکی گونجاو له‌ هه‌موو ماڵێکدا هه‌یه‌ و ئه‌وه‌ی پێی ده‌گوترا میدیای کات گوزه‌راندن که‌ خۆی له‌ کلیپی گۆرانی و درامای خاکه‌ڕا و ڕیکلامی بێ په‌رده‌ و بێ سنوور و هه‌ندێ به‌رنامه‌ی بێ به‌رنامه‌دا ده‌بینێته‌وه‌ ، ئه‌گه‌ر هه‌ندێ له‌ که‌ناڵی په‌روه‌رده‌یی تایبه‌تی لێ هه‌بوورین ، که‌ ئێمه‌ ئه‌ویشمان دوای به‌ ئه‌هلی کردنی قوتابیخانه‌ و کۆلیژه‌کانمان نه‌ما …!

له‌و سه‌ریشه‌وه‌ کۆمه‌ڵێك که‌ناڵی تری پێچه‌وانه‌ که‌ نوخشه‌ی ڕه‌شبینی و مه‌رگ داده‌ده‌ن ، ئه‌وانیش له‌ کاردان ، له‌وه‌ی به‌ میدیای پارێزگر و ئایینی و ته‌بشیریه‌وه‌ ده‌ناسرێن.

به‌ڕای من پاشاگه‌ردانییه‌کانی ته‌له‌قزیۆن سه‌ره‌ڕای خودی سیفه‌ته‌ پێزه‌تیڤه‌کانی وه‌ك ئاسانی هه‌گرتن و گواستنه‌وه‌ و هه‌رزانی و له‌ هه‌مانکاتدا ئاسانی له‌ کۆ خۆکردنه‌وه‌ و خوێندنه‌وه‌ی ڕۆژنامه‌ له‌ هه‌موو ئه‌و خاڵانه‌یش گرینگتر هه‌ست به‌ لێپرسینه‌وه‌ کردن له‌ هه‌موو ئه‌و بابه‌ت و هه‌واڵ و ڕیپۆرتاژانه‌ی بڵاویان ده‌کاته‌وه
بۆجگه‌ له‌وه‌ی ڕۆژنامه‌ هه‌میشه‌ نزیکتر له‌ کتێب ، که‌ سه‌رچاوه‌ی فێربوون ومه‌عریفه‌یه‌ ، ئه‌مانه‌ هه‌مووی مۆته‌که‌ی کارکه‌ناری و نه‌مانی

لەسەر ڕۆژنامەدا لابردووە و بەختی دیکەی پێداوە.
جگە لەوەی هەموو ئەو پێشکەوتنەی هەیەکانی میدیا لەم چەند ساڵانەی دوایدا بەخێیەوە بینیوە ، بگومان ڕۆژنامەیش وەکو هەیەکی ترەسەنی میدیای نووسراو بەشی خۆی پێ باوە و بەهرەی لێوەرگرتووە ، بە نموونە تەکنەلۆژیا و تەکنیکەکانی ئینتەرنێت چەندی بینەر و خوێنەری زۆریشی بۆ خۆی ڕاکێشابێ ، بەقەد ئەوەش وەکو هاوڕێ و هەڤاڵێکی دڵسۆزی ڕۆژنامە و چاپکراوی دیکەیە.
بەڵایەکی دیکەش هەموو ئەو بڕاوکراوانەی بە هۆی ئەوەی پێی دەڵێن (ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی) لەچاو بزاڤی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و دەوریات و کتێب و چاپکراوی تر ئەگەر لە پەراوێزیشدا نەبن ، تا ئێستا ئەو ڕۆژەیە نییە جێی باس بن ، ئەوەی کە هەمیشە هەموو ڕۆژەیەکی زۆر کەم نەبێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندایە و وڵاتانی دواکەوتوو سەبارەت بە زۆر ئەگەری جۆرا و جۆر لە پێشەوەشیان ئادەی نەخوێندەواری و دواکەوتنی تەکنەلۆژیا و ژێرخانی ئابووری و دواکەوتوویی ئەوەی پێی دەگوترێ کەرتی تایبەتی و کێبەرکێی سیستەمی حوکمڕانی لە هەلی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بێبەش بوون.
بۆیە پێموانییە بەو ساڵ و زەمانانە ڕۆژنامە بایەخی خۆی ون بکا بە تایبەتیش لە وڵاتانی لە وێنەی وڵاتی ئێمە ، هەر چەندە لایەنەکانی پەیوەندیدار هەنگە بە پێی عاقڵ پێشکانیان بە دیوێکی تری ببینن !!

لەوەش زیاتر ڕۆژنامە تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش ئەرزشی خۆی ون نەکردووە بەو مەرجانەی لە تێگەیشتنی پەخشکاری ڕۆژنامەکانەوە سەرچاوە دەگرێ بۆ بنەماکەمایەتی و سایکۆلۆژییەکانی خوێنەر و توێکڵ هاوشتن و نوێبوونەوەی بە پێوانەی خواستی سەردەم.

ئەو تێگەیشتنەش بۆ ڕۆژنامە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێم وایە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ببینرێتەوە:

1- بایەخدانی ڕۆژنامە بە پێشزانی لە ڕۆگای پەیامنێرەکانییەوە بێت یاخود ئاژانسەکانی دەنگوباس کە ئەمەش دەبێتە ئەگەری خڕایی بڵاوکردنەوە و بەدواداچوون.

2- هەوڵی بەردەوام بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی بە تایبەتی لە هەواڵ ودەرهاوێشتەکانیدا.

3- نزیکبوونەوە لە خوێنەری ئاسایی و ویست و خواستەکانی لەم بوارەدا ، هەنگە ڕۆژنامە کاریگەریی لە هەیەکانی تر کاراتر بێ.

4- هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی خوێنەری نوێ ، کە خۆی لەوەچەی نوێدا دەبینێتەوە لە هەمان کاتدا کرانەوە بە ڕووکاری خۆ دوورگرتن لە هەموو جۆرە
ئەو پەیگیرییەك لە چارەسەرکردن و بڕاوکردنەوەی بابەت و نووسین دا

5- هەوڵی بەردەوام بە فراوانکردنی پەیوەندی نزیکبوونەوە لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکان بۆ هەڵنجانی دەرهاوردەی وا بتوانێ شیکردنەوەکان ئاراستەیەکی بایەخدار وەربگرن و وەڵامی پرسەکانی ڕۆژ و شەقامی تێدا بێت.

6- بایەخدان بە فایلی هەمەچەشن بە ئاستی بایەخدان بە هەواڵ و سیاسەت وەکو فایلی کۆمەڵایەتی و کلتووری و هەموو ئەو لایەنانەی تر کە جێی بایەخی خوێنەرن بەنموونە ؛ وەرزش کە لێرەشدا ئەوانەش مەبەستە پەیوەندی بە دەرەوەی کوردستانەوە هەیە.

7- چارەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسیانە لە ڕووی بڕاوکردنەوەدا بە جۆرێك خوێندنەوەی بابەتەکان خوێنەر ماندوو نەکەن ، کەڵ گیانی سەردەم قبووڵی ناکات ، وەك دەرهێنان و پێشاندانی کاکێی نووسن و وتارەکان لە ڕۆی سپێت(تایتڵی لاوەکی)ی پێویستەوە .

8- گرینگی دان بە دەرهێنانی هونەری لە ڕووی قەبارەی پیت و ئاستی ستوونەکان و بڕاوکردنەوەی وێنە و تایپۆگرافیا ، کە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ڕەخساندوونی.

وێنە لە ڕۆژنامەدا زۆر جار ئەگەر ئیرادەکی لەلایەنی هونەرییەوە نەبێت و لە ڕووی هەڵبژاردن و قەبارە و چۆنیەتی بڕاوکردنەوە هاوتای دەقەکە بێت ، لەوانەیە لەوێنەی بە بزاقی تەلەڤزیۆن کاریگەرتر بێت بەوەی فۆتۆگراف کە لەباری سەقامگرتوو و بێ جوولە دایە زۆر جار لە ڕۆژنامەدا جوولە دەر ببڕێ ، بە پێچەوانەوەش هەندێ جار وێنەی تەلەڤزیۆن وای لێدێ لە جوولە دەکەوێ و شتێك دەرنابڕێ ، دەرهێنەری کارامە دەتوانێ ڕووخسارێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێش بە ڕۆژنامە بدا ، کە ئەمەش دەڕێین مەبەستمان بە نموونە تەنیا بەکارهێنانی ڕەنگ نییە ، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانییەتی.

دیارە لە هەموو حاڵەتێکیشدا دەخوازێ دەرهێنانی هونەری شان بەشانی ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند بێوا ، کە لەسەریەتی نەك هەر بە دوای ڕووداودا بچێ و دایڕێژتەوە ، بەڵکو هەوڵی دروستکردنیشی بدا ، بەڵام بەو ڕووکارە نا کە هەموو یاسا و قانوونێك بخاتە ژێر پێی

وروژاندنکی کاتی.

9- دیاریکردنی جوگرافیای باوکردنەوە ، کە کەمەك هەکاری دەتە لە پشەوەش ئەو زمانەیە ڕۆژنامەی پێ دەردەچێ ، هەروەها سیستەمی سیاسیش ڕەنگی خۆی لەو دیاریکردنەدا دەبینێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەگەر باسی ڕۆژنامەی کوردی بکەین بە ئەزموون دەرکەوتووە ، چەندی بێ موبالاتی و بەهەند نەگرتنی چۆنیەتی باوکردنەوە ئەگەر بووە ئەوەندە فاکتەری زمان و سیستەمی سیاسی کەسپ نەبووە بە تایبەتیش دوای پەرەسەندنە لە ڕادەبەدەرەکانی هەیەکانی گەیاندن و پێکگەیشتن.

ڕۆژنامە وەك دامەزراوەکی وەرگرتن و داشتنەوە و باوکردنەوەی هەواڵ و بەدواداچوونی دەرهاوردەکانی دامەزراوەکی پیشەیی و ئاراستەکردنی ڕای گشتییە ئەوەندەش دەخوازێ ئیتر دوای ئەو پەرەسەندنانە وەکو دامەزراوەکی بازرگانیش لەبەرچاو بگیرێ کە بەردەوامی دەرچوونی بێ مسۆگەر ببێ.

بەمەش ڕۆژنامە دەتوانێ لە سنووری ڕکابەری هەیەکانی دیکەدا نزیك بێتەوەو ئەو وێنە ڕەشبینانەی بێ ڕۆژنامەیان کڕشاوە بەوەی ئیتر بە گەشەسەندنی هەیەکانی تر بە تایبەتیش هەیەکانی میدیای بینراو ئەو کاریگەریەی نامێنێ و کاڵ دەبنەوە و تا ئەو ساڵ و زەمانانەیش ڕۆژنامە بایەخی خۆی وەك هەیەکی میدیای کلاسیکی لەدەست نادا و پشموانییە ئەگەر ئەهلی کاری لە بەیوەبردنیدا بن لە ئایندەیەکی نزیکدا لە دەست بدا.

ڕکخراوی بێدیلی کۆمۆنیستی، چالاکیێکان و جیاوازیێکانی.. نۆزاد بابان

و نادر عەبدولحەمید

ئەمەی خوارەوە دەربارەی بەشەک لە کار و چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و هەروەها دەرخستنی جیاوازییە فکری و سیاسی و ستراتیژییەکانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ حزب و گروپ و ڕێکخراوەکانی تری بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق.

ئەم چاوپێکەوتنە لە لایەن ڕۆژنامەی (الغد الإشتراكي)ەوە ئەنجامدراوە، بە بۆنەی یادی پێنج ساڵەی دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق).

ئەلغەد ئەل-ئیشتراکی: هاوڕێ نەوزاد، (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە هەرێمی کوردستاندا کار و چالاکی و کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، ئەگەر بکرێ لەوبارەوە ئاگادارمان بکەنەوە لە کار و چالاکییەکانتان؟

نوزاد بابان: هەم وەک کادری (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و هەم وەک هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ناڕازایەتی جەماوەری و کرێکاری لە کوردستان، ڕێژەمان بینیووە لە زەربەی بزووتنەوە ناڕازایەتییەکان و مانگرتنی شارەکان لە دژی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بێکاری و هەژاری و دواکەوتنی موچە.

هەر لەم مانگەدا (تەممووزی ٢٠٢٣)، لەنێو ئەو خێڵەکەدا ئامادە بووین کە مانیان گرتبوو لە شاری (کفری) و چادریان هەڵدابوو، لەوێ وتارێکمان پێشکەش کرد و چەندین چاوپێکەوتنمان لەگەڵ خۆپیشاندەران ئەنجامدا بە ڕۆژنامەکەمان (ڕێوت)، بەتایبەتی لەگەڵ گەنجانی بێکار و ئێستاش لە پەیوەندیداین لەگەڵیاندا بە هەنادی ڕێکخراوەکی تایبەت بە بێکاران لە شارەکەدا. هەروەها لە مانگرتنی شاری (شوبات و ئازاری ٢٠٢٣) لەناو ناڕازایەتی و مانگرتنی شاری دەربەندیخان و شاری هەڵەبجەدا ئامادە بووین، و هەمان ئەو چالاکییانەی وەک چالاکییەکانی شاری کفریمان ئەنجامداوە.

ئەمە و لە ساڵانی پێشوودا، ڕێکمان هەبووە لە بەشداری کردن و ڕێکخستنی شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکان لە خۆپیشاندانی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان دژی حکومەتی هەرێم، بەهۆی نەدانی مووچە، وەیا دواخستن و بڕینی بەشێک لێی، وەستاندنی دەرماڵەکان و پلەبەرزکردنەوەکان.

هەروەها لەنێو مانگرتنی کرێکارانی ژینگەپارێزی شارەچکەی (تەکیە) ئامادە بووین کە لە مانگی شوباتی (٢٠٢٢) مانگرتنیان ئەنجامدا، لەگەڵ ئامادەبوونمان لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆ و

بەشە ناوخۆییەکانی سلێمانی، کە لەوە فڕێندرام (لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ٢٠٢١) لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە و بە ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک لە زیندانەکانیان دەستگیرکرام.
ئێلغەد ئێل-ئیشتراکی: هاوڕێ نادر جیاوازی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەگەڵ باقی هەڤ و لایەنە کۆمۆنیستەکانی ناو هەرێم چییە؟
نادر عەبدولحەمید: بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە تا ئێستا، چەندین هێڵباز و خەتی فکری و ستراتیژی سیاسی و نەریتی خەباتکارانە و ڕێکخراوەیی جیاوازی بەرهەم هێناوە، لە ماماڵێدا لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق.
لە ئێستادا هێڵبازی فکری و سیاسی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" لایەن (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)ەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، کە هێڵبازێکی کامڵ و هاوئاهەنگ لە ناوخۆیدا لەووی فکری و سیاسییەوە. هێڵباز و خەتی دووەم، کە یەکێتی کۆمۆنیستەکان سەر بەو خەتەیە، لەژێر کاریگەری ئازموونی سیاسی کوردستانی سوریا و بیرکەکانی عەبدوڵا ئۆجالاندایە. ئەم هێڵبازە لە ڕووی سیاسییەوە مەیلی هەیە بە (پەیەدە - پارتی یەکێتی دیموکرات)ی کوردستانی سوریا و (پ.ک.ک)ە و هاوشێوەکانیان لە کوردستانی عێراق.
جگە لەم دوو هێڵبازە فکری و سیاسییە، چەند گرووپ و کۆمەڵەی فکری و سیاسی هێشنبیرانی مارکسیست هەیە، وەک (ئینتەرناتیفی سۆسیالیستی) و (وەرچەرخان) و (سۆشیالیستە شۆشگێڕەکان) کە ئەمەی دواییان سەربە فکری تڕۆتسکییە. ئەم گروپ و کۆمەڵە فکری و سیاسیانە، هەشتا نەگەیشتوونەتە ئاو ئاستەی کە هێڵبازێکی سیاسی هەمەلایەنەی یەکگرتوو و تەکەبخنەوو بە چالاکی سیاسی، کار و چالاکی بەردەوامیان بریتییە لە باوکردنەوەی بیری مارکسیزم و پڕوپاگەندەی سۆسیالیستی بەدژی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی.
هێڵبازی فکری و سیاسی سێیەم هی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)ە کە مارکسیزم و ئینتەرناسیونالیزمی وەک هێڵبازێکی فکری سیاسی یەکگرتوو بەرجەستەکردەتەوە، ئەمەش لە بەیاننامەی دامەزراندنکەی و ماماڵەکردنی لەگەڵ (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) و چەندین بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە بارودۆخی سیاسی عێراق بە گشتی و بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هەیە بەرجەستەبوون. ئەم جیاوازییەکان بوو لەووی هێڵبازی فکری و سیاسییەوە.
هەرچی جیاوازییەکانیشە لەووی ستراتیژەوە، ئەوا چەپ لە کوردستانی عێراقدا دابەشبووە بەسەر سێ ستراتیژی سیاسیدا: یەکەمیان ستراتیژی

(حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)ە، کە لە گۆنگرەی دامەزراندنیدا لە (٢٠٠٨) و لە بەرنامەکەیدا، سەربەخۆیی کوردستانی پەسند کردووە، هەروەها پاپشتی (ئیفراندەمی بارزانی)یش بووە لە (٢٠١٧)دا. ئەم حزبە پێی وایە سەربەخۆیی کوردستان، ڕێگەی بەهەزبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕێگەی ڕزگاری جەماوەری زەحمەتکێشە؛ هەم لە ستەمی نەتەوەیی و هەم لە زوڵم و زۆری حیزبە قۆمیيەکوردیيەکانی فەرمانڕەوا. ئەم حیزبە داوای کۆتاییهێنان و ڕووخاندنی دەسەڵاتی حیزبە میلیشیا ناسیونالیستەکان دەکات لە هەرێم، لە ڕێگەی ئاپڕۆینەکی شۆشگێڕانە و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆڕا جەماوەرییەکانەوە، بەناوی ئەم سیاستە بەشکە لە ستراتیژەکەی بە سەربەخۆیی کوردستان، بە واتایەکی تر؛ وەلانانی دەسەڵاتی حزبە بورژوا ناسیونالیستەکانی کورد، بە ئاپڕۆین و شۆش و دامەزراندنی دەسەڵاتداڕەتی شۆڕا جەماوەرییەکان، ڕێگایەکە بە گەیشتن بە ستراتیژی ئەو حزبە کە سەربەخۆیی کوردستانە.
ستراتیجی دووەم داوای سەربەخۆیی ناکات، بەڵکو داوای خۆبەڕێوەبردنی خۆجێی (الإدارة الذاتية المحلية) جەماوەر لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، هاوشێوەی ئەوانەی لە کانتۆنەکانی ئەو ناوچانەدا هەن کە لەژێر دەسەڵاتی "پەیەدە" (پارتی یەکێتی دیموکرات) لە باکوری سوریادا دەبینرێن، واتە کانتۆنەکانی جزیرە و کۆبانێ و عەفرین (پێش داگیرکردنی لەلایەن تورکیاوە). هەروەها ئەم ستراتیژە خوازیاری نەمانی دەسەڵاتی حزبە فەرمانڕەواکانە بە ئەوەی جەماوەر ئازاد بێت و خۆبەڕێوەبردنەکی خۆجێی دابمەزرێنن.
سەبارەت بە ستراتیجی سێیەمیش جەخت لەسەر هاوبەرژەوەندیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراو و گەنجانی شۆشگێڕی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵ هێی سەرتاسەری عێراق، و کار دەکات بە لکەپێکان و یەکخستنی تێکۆشانکانیان لە سەرتاسەری عێراقدا بە هێنانەدی بزووتنەوەیەکی چینایەتی هۆشیارانەی خاوەن ئاسۆیەکی سۆسیالیستی، دژ بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە-سیاسییەکانی بەرژوازی، لە ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم و ئیفەرمخوازی لیبڕاڵ، و پوچەڵکردنەوەی ڕێ و کاریگەریی فکری و سیاسییان، وە دژ بە سەراپای ژەمە سیاسییەکیان و فەرمانڕەوایەتی حزبە بەرژواکانیان لە ڕێوتکانی ئیسلامی سیاسی تائیفی و قۆمی هەم لە ناوند (بەغدا) و هەم لە هەرێم (هەولێر).
بە گومان ئامانج پێویستی بە بەرجەستەکردنەوە و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار هەیە، لەڕێگەی خەباتێکی ماندوونەناسانەی فیکری و سیاسییەوە، لەدژی مێل و گرایشە بەرژوا

قۆمی و ئایینی و لیبراڵییەکان، و هێزەها لەدژی ئۆو ستراتیژانەی ناو بزووتنەوەی چەپی کوردستانیش کە لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکاردا ناکۆکن، ئامانج بە یەکخستنی ئیزی کۆمۆنیستەکان و مارکسیستەکان لە پێناو ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە عێراقدا و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری خۆی، ئەمە ئۆو ستراتیژیە کە ئەمە لە (یەکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) گرتووماندەبەر و جیامان دەکاتەوە لە ستراتیژی لایەنەکانی تری ناو بزووتنەوەی چەپی کوردستان.

جیاوازییەکانی (یەکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەگەڵ باقی حزب و یەکخراو و لایەنەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تەنها سنوردار نابێتەوە بە جیاوازی لە یەکبازی فیکری – سیاسی و ستراتیژ، بەڵکو ئۆو جیاوازیانە درێژیش دەبێتەوە بە مەیدانی تاکتیکی و خەباتی کردەیی ڕۆژانەش.

بە نموونە، کۆمەڵێک چالاکوانی سەربەخۆی بزووتنەوەی ناڕازایەتی جەماوەری و کرێکاری، لەگەڵ هەڵسوڕاوان و ئەندامانێکی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) و (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) و (یەکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، هەر هەموو ئۆو چالاکوان و هەڵسوڕاوانە لە سەرەتای نیسانی (٢٠٢٢) لە بارەگای (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) لە سلێمانی کۆبوونەوە بە تاوتوێکردنی یادکردنەوەی یەکی ئایار بەیەکەوە لەو شارە، بەڵام هەفتەیەک دوای ئەم کۆبوونەوەیە، بە دەعوەتنامەی (حیزبی شیوعی کوردستان) بە هەردوو حزبی (کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) و (یەکێتی کۆمۆنیستەکان)، ئەندامان و چالاکوانانی ئۆو دوو حیزبە بە "دەستخۆشانە"ی حیزبەکانیان، پشتیان لە هاوڕێکانیان لە (یەکخراوی بەدیل) و کۆمەڵێک چالاکوانی سەربەخۆ کرد و چوون بەدەم داوەتنامەکەی (حزبی شیوعی کوردستان)ەوە بۆ بەرپاکردنی ئاهەنگێک بە بۆنەی یەکی ئایار لەگەڵ (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) بە ئامادەیاتی (عەبدوڵای موهتەدی)، کە یەکێکی ناسیونالیستە و مێژووەکەی پڕ لە دژایەتییەکی ڕاشکاوانە و ئاشکرای کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران و هاوکاری (ڕەزا پەهلەوی) کوڕی شای ئێرانە بۆ دەست بەسەراگرتنی ڕاپەڕینی ژنان و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئێران، بەدوای کوشتنی (ژینا ئەمینی)یەوە. لەبەر ئۆو ئەمە و چالاکوانە سەربەخۆکان خەمان بەدوور گرت لە بەشداریکردن لەم ئاهەنگەدا چونکە هەڵکی ناسیونالیستی دژە کۆمۆنیست و دژە کرێکاری لەو چەشنەی یەکێتی (عەبدوڵای موهتەدی) بەشکە لە یەکخستن و بەرپاکردنی وەها مەراسیمێک.

هەرچی (حزبی شیوعی کوردستان)ە، نە لە مژووی ئاستەقینەی خۆیدا و نە لە ڕووبازە سیاسییەکەیدا، سەر بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق نییە. لە ڕووی مژوویی و درێژکراوەی (ڕووکخراوی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی)یە، کە سازشکار و هاوکاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و حزبە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرەکانی بووە، لە کاتێکدا یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا، هەستیاری و دوژمنایەتییە سیاسییەکەیەتی بەرامبەر بە حیزبە نەتەوەییەکان. مژووی بزووتنەوەی چەپ دەرئەنجامی جیابوونەوەی ڕۆشنبیرانی مارکسیستە لە حزب و ڕووتە ناسیۆنالیستەکان لە ناوڕاستی حەفتاکان تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەنام مژووی (حزبی شیوعی کوردستان) مژووی پاشکەیەتییە بە ناسیونالیزمی کورد و حزبە فەرمانڕەواکانی.

ناڕازایەتی نوێی سوریا و داوای ڕوخانی بەشار ئەسەد!.. نووری بەشیر

ناڕازایەتیەکی جەماوەری فراوان کە دەچێتە سێهەمین هەفتەوە و بەردەوام و بەرەو فراوان بوونەوە دەچێت، لە سوریا دەستی پێکردوە. سەرەتا ئەم خرۆشانە جەماوەریە لەشاری سوێدا و دێهات و شارۆچکەکانی دەوروبەری بەدژی هەلومەرجی گرانی، هەژاری و گەندەڵی دارودەستەکانی دەسەڵات، دەستیپێکردو لەیەکەمین ڕۆژکانەوە بەفراوانی ئەم ناڕازایەتیانە تەڤە کۆمەڵایەتیکانی تێنیوە. دروشمەکان بەرەو دروشم و خواستی سیاسی بەدژی بەشار ئەسەدو حزبی بەعس ڕێشت.
ناڕازایەتیکانی ئەمجارە هاتنەمەیدانکی یەکدەنگ و یەک هەڵوەستە بەشێوەیکی فراوان کە خەپیشاندەران وێنەی بەشار ئەسەدیان لەناوەندی شاری سوێدا داگرت و سوتاندیان و بارگای حزبی بەعس دەستی بەسەردا گیرا و دروشمی " بەڵێ بە بەشار ئەسەد"، "بروخێ دەسەڵاتی بەعس" و " جەماوەر ئامادەیە ڕژێم بڕوخێنێت" هەرزوو

بەزویی بەرەو شاری دەرعا و دواتر بۆ بەشی باکوری رۆژئاوای سوریا و دواتر زۆرێک لە شارۆچکەو ناوچەکانی دەوری سوێدا و هەندێ لە دیهاتەکانی دەوروبەری حەلەب و دیمەشق و ناوچەکانی ئەدلب و بەرەو رەقەو حەسەکە ڕۆیشت.
ئەم ناڕەزایەتیانەی سوێدا بەدوای بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنیدا دەست کە رژێمی بەشار ئەسەد بەشێوەیەکی خەیاڵی بردیە سەرەوە، لەکاتێکدا کەمێگە خەڵکی سەرتاپای لە گرانی و برسێتی و نەخۆشی و بێئاوی و کارەبا و بێکاری ئادیدەدار نقوم بووە. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوە جیهانیەکان و نێتوەو یەکگرتووەکان لە ٩٠٪ی کەمێگە لەژێر هەڵی هەژاریەوە دەژی. لیرەی سوری بەجارێک دابەزیوە کە لە ساڵی ٢٠١١ دا ٤٧ لیرە بەرامبەر بوو لەگەڵ یەك دۆلار، بەڵام ئێستا یەك دۆلار ١٥٥٠٠ لیرەیە! کە زیاتر لە ١٥ ملیۆن ئینسان کە لەسەدا هەفتای دانیشتوان دەکات پێویستیان بەیارمەتیە و زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەس پێویستیان بە کەمەکی خێراکیە. بانگەوازی ڕێکخراوی یونسێف بۆ بە هاناوەچوونی خێرای نزیکەی شەش ملیۆن و نیو منداڵ پێویستیان بە هاوکاری بەپەلە هەیە.
ئەم ناڕەزایەتیانەی سوێداو ناوچەکانی، لەکاتێکدا ووددات بۆجیا لە هەژاری و برسێتی دەستی ناوەتە گەروی خەڵکی سوریا، دەستی بەشار ئەسەدو رژێمەکەی لەلایەن وڵاتانی کەمکاری عەرەبیەوە گیراو بردیانەوە ناو یەکێتی وڵاتانی عەرەبی لەچوارچێوەی سیاسەتی قوتبەندی نوێی جیهانی کە سەرکەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و لەوسەری روسیاو چینە، وە ڕکەوتنی سعودیە و ئێران سەرەشقی ئەو کارانەبوون بە بەرژوەندی خەیان رژێمی بەشار ئەسەد سەربەرزانە بهێننەوە نێو کەمێگەی نێودەوڵەتی و بە ئاسانی لەو تاوانانەی ئێنجامیداوە ڕزگاری بکەن.
تا دێت ئەم ناڕەزایەتیانە بەشێوەو شێوەو بەردەوامە، ئەمڕۆ هەینی ٨ی سێپتەمبەر لەگەڵ ڕەگری هەزەکانی رژێمدا لەشارۆچکەو دیهاتەکانی سوێداوە بەلەشاو خەڵک بەرەو سوێدا و مەیدانی کەرامە کە بەهەزاران خەڵکی لەخۆ گرتبوو بە یەکریزی و داواو خواست و دروشم و پلاکارت و قسەوباسی سیاسی وەک: "ڕوخانی بەشار ئەسەدو دامەزراندنی دەسەڵاتی مەدەنی لەلایەن خەڵکەوە" و "ئەمە ئازادیمان دەوێت.. بەپێچوانەی ویستی تۆ بەشار ئازادیمان دەست دەکەوێت"، هەروەها هاتنی ژمارەیەک لە هەسوداوانی ئەم ناڕەزایەتیانە لەشاری دەرعاوە. هاوکات خۆپیشاندەران بینای یەکێتی کرێکاری و بینای یەکێتی جوتیارانی سەر بە رژێمیان داخست و وێنەی بەشار ئەسەدیان لەسەربانەکان داگرت و داوا لەو یەکێتیانە دەکەن کە بگەڕێ لە مافەکانی کرێکاران و جوتیاران بکەن و بەدژی سیاسەتی دەسەڵات

هێوەست بنوێنن. هەروەها نوێنەرانی ناڕازایەتیکان چەند زیندانی سوپای بەشار ئەسەدیان لابوو ئازادکردو داواوی ئازادکردنی ژمارەیەک کەس لە دەستات دەکەن.
هاتنەمەیدانی خەڵک بەم یەکەیزی و دروشمە سیاسیانەوە راپەڕینی بەهاری عەرەبی ٢٠١١ دێنێتەوە یادی خەڵکی سوریا و دنیا، ئێستا مەیدانی کەرامە پاش ١٢ ساڵ یادی راپەڕینی میسر کە دەیانوت ئێرە ساحەی تەحریرە دەهێنێتەوە بیری خەڵکی، بەڵام ئێستا خەڵک دەڵێت ئێرە مەیدانی کەرامەیەو داوای روخانی دەسەڵات بەیەکجاری و دامەزراندنی دەسەڵاتی مەدەنی جەماوەری دەکەن.
فراوانبوونەوەی ئەم ناڕازایەتیانە رژمی سوریاو هەموو هێزەکانی دەخاڵەتگەری سوریای ترساندوە، هەربۆیە پرووپاگەندە لەوەی کە سوێدا ناوەندی دورزیەکانە دەیانەوێ مەری قەومی لە ناڕازایەتیکان بدەن. هەروەک لە ٢٠١١دا ئەو کارانەیان کرد بەدابەشانی خەڵکی سوریا بە دەستەوتاقمی دینی و قەومی و تایفی و دەستگرتنی کۆنەپەرستترین ملیشیای سەر بە رژم و هەتا دەخاڵەتی راستەوخۆی تورکیا، ئێران، حزبوڵای لوبنان و روسیا لەولاوە ئەمریکا بەهێزکانی و دەستگرتنی چەندین جەر تاقمی قەومی و دینی تا دەگاتە داعش. بەڵام بەو دەچێت ئەمجارە ئەم دادی دەسەڵات نەدات و هاوکاتی ئەم ناڕازایەتیانەی سوریا لە شارکانی لاذقیە و طرطور کە بە کەناراوکانی سوریا ناسراوەو دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و بەحسابی دەسەڵات و هاوپەیمانکانی بناوچەکانی عەلەویکان دەیناسێنن کە هەمایە بە بەشار ئەسەد کە عەلەویە، لەسەرەتای خۆپیشاندانی سوێداوە هاوپشتیان ڕاگەیاندوەو چەند خۆپیشاندانی لەرەو لەوە لەمانگکانی پێشودا ئەنجام دراوە.
هەربۆیە ترسی فراوانبوونەوەی زیاترو سەرتاسەری بووڕانەوەی ئەم ناڕازایەتیانەی ئەمجارە، ترسی خستەتە ناو ریزکانی بەشار ئەسەدو سەرتا بە هەڕەشەلێکردن لە ڕێگای لونا شبلی راوێژکاری ئەسەدەوە کە خۆپیشاندەرانی بە بکرگیراو ناو بردووە و بەدوایدا بەناچاری پارێزگاری سوێدا وتوێتی داواکان دەخێنە بەردەم دەسەڵاتی بەشارو دواتر بەناچاری چەند وەفدی رژم بە راوێژ لەگەڵ خۆپیشاندەراندا کەبونەوە، بەڵام شکستیان خوارد. جارێک لەڕێگای پارێزگاری سوێدا و جارێکی تر پارێزگاری دیمەشق و جارێکی کە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی رژم و دواتر بە ناوەندگیری دەسەڵات پەنایبردوە بە سەرکی پارتی یەکێتی لوبنان وئام وهاب و دوایی لەڕێگای حزبی دیموکراتی لوبنانی طلال ئەرسەلانەوە بەڵام ئەمانیش بەدەستی بەتاڵ گەڕاونەتەوە.

بەشار ئەسەد و دەستاتکەی دەوریکی ئەزمی سیاسی و ئابووری گەورە بەسەر دەبات کە بە ئەم دەورییە هیچ توانای وەڵامدانەوەی نیە. هەزەکانی ئێران و حزبوڵای لوبنان بەدرێژیی ڕیسواو لاکەوتە بوون، ئێستا سوپای پاسداران بەناوی فیلەقی ٤ی سوپای سوریاوە خەی دەناسێنێت، هەربۆیە بەدوای ئەو هەوڵە جەراوجێرانەی حکومەتی بەشار ئەسەدو شکستهێنانی، یەکێک لە ئەفسەرە پلەباڵاکانی ڕژێمی داناوە بە دەزینەوەی ڕێگاو خستنەووی چارەسەر بە ئەم ناڕەزایەتیانەی سوێدا!

ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتیە تەجروبەی ١٢ ساڵ بەر لەئێستای هەیە کە هاپەیمانەکیان بەشکست برا. بەپێی بانگەوازەکانیان بەجیا لەوەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بۆیەکگیزی و یەکدەنگی بەشداری دەکەن و داوای دەستاتی جەماوەری خەجێی بە سوێدا و ناوچەکانی دەوروبەری دەکەن، هەروەها ژمارەیەکی زەر لە ئەفسەرانی خانەنشین پێویست بوون بە خەپشاندانەکەوە، مەیدانی کەرامە بوتە شوێنی ناڕەزایەتی و کەکردنەوەی جەماوەری ئەو ناوچەیە و شوێنی قسەوباس و داواکاریەکان و نیشاندانی چالاکی جەراوجەرو لەدەوری یەکتر کەبونەوە و داواکاری یەکریزی سەرتاسەری و ڕوخانی ڕژەم دەکەن، خەرەکخستن لە خواڕەوە لە کەمیتەکانی گەڕەکدا بە بەڕەوەبردنی خزمەتگوزاریەکان و کاروباری ئابووری و سیاسی شاری سوێدا، شوێەک لە هوشیاری لەم خەپیشاندانە بەدیدەکرێت لە تەجروبەی بەشکست کەشانی ڕاپەڕینی پێشویان و هەروەها لە تەجروبەکانی ئێران و سودان، وە تەجروبە شکستخواردوەکانی لوبنان و عەراق وە دەرسەکی گەورە لەبەردەمیاندایە ئەگەر بە شکست نەبرێت.

ئەم بزووتنەوە چینایەتیە ناڕەزایەتیەی خواڕەوەی کەمەگە بە نان و ئاو و کارو بەدژی برسێتی و دیکتاتاری و بەدژی گرانی و گەندەڵی کە خواستی زەرەک خەڵکی خواڕەوەی کەمەگەیە لە ناوچەکەو لەجیهاندا بەتایبەتی لە ڕژەهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاو ئاسیادا، دەورەیەکی نوێیە نەک بە سەرتاسەری سوریا بەڵکو بە ناوچەکە، بەیە هاوپشتی و لەپاڵدا وەستانی هەموو هەزە مەدەنی و چەپ و کەمۆنیستەکانی سوریا و ناوچەکە و دنیا دەخوازێت، هەر ئەم هەزە هوشیارو ڕەکخراوەی خواڕەوەی کەمەگەیە، کە دەتوانێ ڕێگا لە هەرجەرە سیناریەیەک بگرێت کە دەیانەوێت مەری قەومی و دینی و ئاژاوەگێڕی لەبدرێت، هەر ئەم هەزەیە دەتوانێت بەشار ئەسەد بروخێنێ و کەمەگایەکی ئازادو خۆشگوزەران دامەزرێنێت و ببێتە دەستکەوتەکی گەورە بە ناوچەکە و جیهان.

٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

بەرەو بەهەزکردنی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی!.. عوسمانی حاجی مارف

لە میانەی دەستاتی میلیشیایی و تاکانچەتی بارزانی و تاڵەبانیدا، خرۆشانێکی بەرفراوانی جەماوەری لە ناوەندی شارەکان و شەقامەکاندا نمایشکراون، کە بەداواکردنی پەداویستیەکان تا دێگات بەوەی دروشمی کۆتایی بەم دەستاتە دەنگدانەوەیان بووەو جێگاوپێگەیەکی بەرچاویان نیشانداوین.
ئاستی تووڕەیی و دڕبڕینی ناڕازایی و نەویستنی ئەم دەستاتە لە ئاستێکی بەرفراوانتریشدا بە شۆنی خۆی ماوە، بەڵام لە ئێستادا لە شەوازی خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەریدا خۆی نانوێنێت، ئەم حاڵەتە لە خامۆشی، بێتە جێگەی نیگەرانی کەسانێکی زۆر، ئەو کەسانەی دڵیانەوێت بە خرایی و لە شووڕەکدا تێختوتاراجی ئەم دەستاتە بپێچرێتەوە و بەرپرسەکانی ئەم دەستاتە بە سزای تاوانکانیان بگەیەنن، ئەم پەلەکردنە بە کۆتایی هێنان بەم دەستاتە بە هەر شێوەیەک بێت، زیاتر لە نەو توڕەی زەرینەی ئەو ڕەشنبیرە ئازادیخوازندا بەرچاو دەکەوێت، کە تەنها لە پەنجەڕەی ئازادیەوە دور لە پەداویستیەکانی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە لە دنیا دەروانن، هەروەها لە ئاستێکی دیاریکراویشدا وەک حاڵەتێک لە نەو بەشک لە چەپەکان و کەمێنستکانیشدا ئەم دنیا بینینە سەری دەرهێناوە، کە لەگوتارو نوسینەکانیاندا، وەک شەوازی ڕەخنە لە خەمساردی و ڕەشبینی بۆئیرادەی خەڵک تەعبیری لێدەکرێت، دەڵێن بۆچی ئەم خەڵکە و کرێکاران بەرەنگاری و کاردانەویان نیە..؟
ئەتوانم بڵێم ئەم خواستی پەلەکردنەو جۆری ڕەخنانە، جیاوازیەکی تایبەتی نەوان ئەو توڕەیە لە ڕەشنبیرانی ئازادیخواز و زەرینەی خەڵک بگشتی، خەڵک بەدوای ئاوگەکەوێ بە باشترکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی، بەڵام ئەو "ئازادیخوازانە" تەنها بەدوای هەوای پاکی ئازادیون، بەتەنگ جیاوازی بینینی هەژارو دەوەندەوەنین،لەژێر پەردەی ئازادیدا دەبنە بەشک لە پارێزەری پێگەی چینە باڵاکان،

بۆیە هاوکۆشێی ناڕازایەتیەکانیان مانای جیاواز بۆخۆیان دەبینێت، کەبۆلای هەر لایەنگیانەوە مانای پراکتیکی تایبەت دەبەخشێت، ئەو ئازادیخوازانەی تەنها ئەوینی پەرچەکردارو کارداوانەوەو بەرەنگارین لە هەر ئاستێکدا بێت بە گورزکۆشان بەدەستهاتکی دیاریکراوی نەخوازراوی دژ بە ئازادی، لە سەرکەوتنی ئازادیدا دەچنە سەر ئەوکارانەی بە هەی ئازادیەوە بەدەستیان هێناوە، بە نمونە دەبنە میدیاکار، بەنام خەڵکی ستەمدیدە بەدوای ئاوگەڵکی ئیشیان لە پێناو خۆشگوزەرانی و مافەکانی ژیاندان، گەر هاوشانی ئازادی، خواست و خۆشگوزەرانی و مافەکانی کرێکاران و تووژە نەدارەکان دابین نەکرێت، ئەو ئازادیە بەدەردی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک نایەت، ئەو کات جیاوازی چینایەتی لە ژێر پەردەی ئازادیدا بە شێوازێکی تر خەی بەرهەم دێنێتەوە، ئازادی بەبێ گرێدانەوەی بە خواستە زیندووەکانی ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش جێگایەک لە خەباتی جەماوەریدا پێیداناکات.

ڕوخانی دەسەڵات بە کرێکاران مانای باشترکردنی ژیانیانە لە بەرزکردنەوەی کرێی کارو کەمکردنی سەعاتی کار و دابینکرنی سەلامەتی کارو ...، کرێکاران و زەحمەتکێشان بەداوی جوانەوەیەک ناکەون کە ئاکامەکەی لە پێوەند بە ژیانیانەوە ناڕۆشن بێت، ڕوخانی دەسەڵات بە ئەو تووژە لە ڕۆشنفکرانی ئازادیخواز، لە پێناو دەخکدایە بە ئازادی بیروباوەڕیان، نەمانی زیندانی سیاسی، ئازادی ڕۆژنامەوانی.. کە ئەمانەو زیاتریش لەوانە هەبێت زەریش باشن، بەنام کەمەك بە سفرەی خاڵی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و هەژارو نەدار ناکات، واتە گلەیی کردن یا ڕەخنە گرتن، لە ئاستی چەنیەتی و شێوازی ناڕازایەتیکان لەو شوێنەوە نابێت ببینرێت، کە بەچی بەرەنگاریمان نەکردوەو خرۆشانکان تووژمی جوڵەی گەلاوێتە دواوە، بە تایبەتی ئەم جارە بیرکردنەوانە بە کەمەنستەک مانای ڕەگ ونکردنی ڕەبازو ئامانجێکی دەگەینێت، بەیارنیە کەمەنستەکان گلەیی بکەن و ڕەخنە لە کرێکاران و زەحمەتکێشان بگرن لەسەر ئەوەی خەپیشاندان و خرۆشانی جەماوەری ناکەن و نایەنە مەیدان و کاردانەوەیان نیە، دیارە ئەویان لەبیر چووە، کرێکاران پێداویستیەکانی ژیان و ئاستی ئامادەییان لە ڕەکخستن و یەکگرتویی دەینخاتە سەر ڕێگاو کاردانەوە، بۆیە دەبێت ئەوڕۆگایانە لە شێوازی ناڕازایەتی نیشان بدەین کە مایەی سەرکەوتن و دەستکەوت دەبێت بە باشترکردنی ژیانی خودی کرێکاران و خەڵکی هەژارو نەدار، بەمانایەک بە زرینەی دانیشتوان لە دابینکردنی خواست و پێداویستیەکانیان، یان ڕەشنتر بڵێین کەتایی هێنان بەدەسەڵاتێک بەمەرجی دامەزراندنی کەمەگەیەکی سۆشیالستی و بنەبەکردنی تەواوی چەوسانەوەی ئینسان

لەسەر ئینسان مانا پەیدا بکات، کرێکاران بە بەدەستهێنانی پەداویسیەکانی خیان دنە مەیدان، بە خەیاڵات و ئارەزوی ئەو جۆرە لە "چەپ و کۆمۆنستەکان" ژیانی خیان ناشوێنن.
هەبەتە بە کۆتایی هەردەسەاتێک سەرکەوتوترین ڕێگا خەپیشاندان و خرۆشانی بەرفراوانی ڕیزی ملیۆنی خەڵکە کە تەواوی دامودەزگاکانی دەستێی دەسەاتدار تێکوپێک دەشکێنێت، واتە کۆتایی هەردەسەاتێک ئاکامی خەباتگێڕیە لە بەرامبەر ناڕەزایەتی و خرۆشانی ڕیزی ملیۆنی، کە لە ماوەیەکی کەمدا بەرپرسانی ئەو دەسەاتە ناچار بە هەاتن دەکات. بەاڵم کێشەکە لەوەدایە کە بەدوای هەڵوەشاندنەوەی هەر حکومەتێکدا، دوبارە دامەزراندنەوەو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە مەسەلەیەکی جدیە!، کە پێویستە بە ئاسە وئامادەیی و توانای هێزی جەماوەر، ڕێگا نەدرێت دەسەاتێک بێتەوە سەرکار کە بەهەمان میکانیزم و پرۆسەی دامەزراندنی نایەکسانی و بەرجەستەکردنەوەی چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان لە شێوازێکی تردا دوبارە بێتەوە، لە مەژوی پێوەندیە کۆمەایەتیەکاندا، لە کێشمەکێشی نێوان دەسەات و خەڵکدا نمونەی بەرچاومان هەیە، وەک ئێران و میسرو تونس... بەیە ئەوەی کە جێگای سەرنجە،مەسەلەکە خامۆشی و نەبونی بەرنگاری و کاردانەوەنیە، بەڵکو نەبونی ئاسەی جوانەوەیەکی کۆمەایەتی بەرفراوانی گشتگیرە لە بەرجەستەکردنەوەی پراکتیکی شۆشگێڕانەدا، کارکردنە بە ئامانجی سەرکەوتن بە بەدەستهێنانی ژیانێکی یەکسان کە بە تەواوی دانیشتوان فەراهەم بێت.
ئەوەی لە نێو تەواوی ناڕەزایەتیکان و بەرنگاری و کاردانەوەکاندا پێویستە جێگای سەرنجمان بێت،سایەنکردن و لاوازیەکی بەرفراوانە لە بونی مێل و ڕەوتی سۆشیالستی، تەواوی ئەو جوانەوانەی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان و هەر وەاتێکدا کە لە چەند ساڵی ڕابردودا بەبەرچاومانەوە بوە، کۆشەی بنەڕەتیان هەر ئەوەیە کە هەوڵدان بە کۆتایی سیستمی سەرمایەداری زەر لاوازە، یا لە ئاستی نەبوندایە، ئەوەی سایەی کردوە جوانەوەی چاکسازیە، چاکسازیش لە ئاستێکی نزمدا، واتە کۆموکۆی جوانەوەکان هاتنە خوارەوەی بەرنگاری و کاردانەوەنیە، بەڵکو نەبونی پتەوی ئاسە و مێل و ڕەوتی سۆشیالستیە لە ناوەوەی بەرنگاری و کاردانەوەکاندا، هەتا لەنێو ناڕەزایەتیە کرێکاریەکانیشدا، لاوازی ئەم ڕەوتە واقعیەتێکی تاڕادەیە، لەوە تاڕادەیە کە خەباتی کۆمۆنستەکان نەچێتە سەر گۆڕینی ئەو واقعە تاڕادەیە، بە ناوی لاوازی بەرنگاری و کاردانەوە، ڕاخنە لە هێزی بەرهەمهێن دەگرێت کە بەچی کاردانەوەیان نیە، کە ئەم ئاراستەیە نەک هیچ خزمەتێک بە گۆڕانی بزوتنەوەی سۆشیالستی ناکات، بەڵکو لە بەرامبەر چاکسازیشدا دەستەوستان

ادووستەت، کە دەبێتە پاشکۆی جوتانووی ئەو چاکسازی و ئازادیخوازیی توژە ناکرێکاریکان بەدوایدا وەرن، بەڵام پێویستە هاوکۆشکە بە پێچەوانەوە بێت، واتە بزوتنەوەی ئازادیخوازی و چاکسازی دەبێت جێگای خۆی لە نێو جوتانووی یەکسانخوازیدا بکاتەوە.

واقعیەتی جوتانووە کۆمەڵایەتیکان شێوەی چینایەتیە، کێشمەکێش و شێوەی نێوان چینی کرێکارو سەرمایەدارە، کەتایی سەرمایەداری یەک لەگای هەیە، خەباتی رزگخراوی چینی کرێکارە دژ بە سەرمایە و سەرمایەداری و سەرمایەداران، کاتێک لە نێو ئەو خەباتدا ئاستی میلی سۆشیالستی سایی نەکردبێت، هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزوتنەوەی سۆشیالستی کرێکاری نەبێت، حەتمیە شێوەی سۆشیالستی لە هەر هەنگاوێکدا قابیلی پاشکشەو شکست خواردنە.

خەباتی چینی کرێکار و کۆمۆنستکان ئاوێزانی بەوەی کە کاتە دژ بە هەر دەسەاتێکن، بەو مانایە دژی ئەو دەسەاتن کە بەرگری لە پاراستن و مانەوەی سەرمایەداری دەکات، نەک ئەوەی چەندە دژی ئازادیە. جا ئەو دەسەاتە لەکوردستان بێت یا عەراق و هەرشوێنکی تری دنیا، ئامازی دەستی سەرمایەدارانە بە چەوسانەوەی کرێکاران و زەرینەی کۆمەگە و پاراستنی هێزی کار وەک کاڵا، ئەو دژ وەستانەوەیە خەباتکی ڕشن و پراکتیکەکی شۆڕشگێرانە دەخوازێت لە چنیەتی بەهێزکردن و ڕکخستن و سایکردنی ڕەوتی سۆشیالستی لەناو تەواوی بزوتنەوەی کرێکاریدا، بەمانایەک ناوەڕکی ڕەوتی ئەو جوتانووە بە خەبات بە کەتایی کاری بکرێ بناسرێتەوە، تا لەهەر ساتکی ئامادەبونیدا بتوانێ زەنگی کەتایی دەسەاتی سەرمایەداران ڕاگەیەنێت.

گەر ئەوە بەفەرمی بناسین لەدەورانی ئێستای خەباتی چینی کرێکاراندا بگشتی میل و ڕەوتی سۆشیالستی نێتوانیو هاوسەنگی هێزی خەباتی سۆشیالستی بگاتە پشەنگی هەسورانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستکی دیاریکراودا لە هەر شوێنکی دنیا بێت، واتە پێویستە هەنگاوکانمان پکردنەوەی ئەو بشایی بێت لە نێو خەباتی چینی کرێکار بە تایبەتی و لە نێو خەباتی جماوەریشدا بە گشتی، بەبەدەستەوەگرتن و چونە پشەوە لە گشدان و پشڕەوی بە میل و ڕەوتی سۆشیالستی،ئەو کاتە ئەتوانین بڕێن بڕەنگاری و کاردانەوەش مانای پراتیکەکی شۆڕشگێرانە وەردەگرێت.

ئەم باسە بەو مەبەستە دەخەمەڕوو کە دڕگایەکی جدی بە باسی نێوان کۆمۆنستکان لەسەر ناڕزایەتی و شۆڕش و بەهێزکردنی ڕەوتی سۆشیالستی بکاتەوەو جێگای لەکەینەوەو نەخشە کارێک بێت بە بەڕخستن و چونە پشەوەو هەڵگیرساندنی شۆڕشی کرێکاری.

لە ئامادەکاری سالیادی شەش. دیمانەی شەهلا دانیشفەر لەگەڵ حەمید تەقوایی‌دا

وەرگێڕانی کاوە عومەر
بۆ پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جەدید ئامادەکراوە

شەهلا دانشفەر: لەم ڕۆژانەدا زۆر باسگواز بۆ بۆنەی سالیادی شەشەوە بۆ ئاوکراونەتەوە. ئەمجەد ئەمینی باوکی ژینا ئەمینی ڕایدەگەیەنێت کە ئەمە مەراسیمی سالانەڕۆکە ئەنجام دەدەین و دەڵێت مەحسا مندالی هەموو خەڵکە. بۆ هەمان شێوە تەڵەی سەرتاسەری شەشی ژن ژیان ئازادی لەدوان و بانگواز دەدات و داخوازان بانگواز دەکەن، پەلکە زێڕینەکان بانگواز دەکەن. هەمووان خەیان بۆ ناڕازایەتییەکی بەرفراوان ئامادە دەکەن. پرسیاری یەکەمم ئەوەیە، ئەوە چی دەبێتە هۆسەر ئەم شەپۆلە بانگوازە بۆبۆنەی سالیادی شەشەوە و بانگوازتان چییە؟
حەمید تەقوایی: ئەم جۆش وخرۆش و جوانەوە سەرتاسەرییە زۆر بزوێنەر و ئومێدبەخشە. ئەمە پشتگیری هەموو ئەو بانگوازانە دەکەین کە باست کرد و داوا لە هەموو هەستەوەران و هەڵە ئازادیخوازەکان دەکەین کە پێوەستببن بۆ بانگوازانەوە.
ئەوەی ئەمە جۆختی لەسەر دەکەینەوە و بە شێوازی جیاواز دەرمانبڕیووە لە بنەڕەتدا دوو خاڵە: یەکەم: دەبێت لە ٢٥ی شەهریوەردا کار ڕابگیرێت. لەم ڕۆژەدا پێویستە هەموو چەرخەکان بوەستێنرێن. پێویستە بە ڕۆزگرتن لە مەهسا و مەهساکان کەمەگا دەست لە کارکردن هەڵگرێت و یادی ئەو ئازیزانە بکات. دووەم: بە مشتی گرێکراوەوە بێتە سەر شەقامەکان. "وەستانی چەرخەکان و داگیرکردنی شەقامەکان"! ئەمە ئەو دروشمە و چارەسەرییە کە ئەمە پێشنیاری دەکەین.
بەڵای من لە ئاستێکی گشتیدا، تایبەتمەندی سالانەڕۆژی شەش و سالیادی گیانبەختکردنی مەهسا دەتوانێ و دەبێ ئەوە بێت کە لەم ڕۆژەدا هەموو چەرخەکان لە جووڵە بوەستن – چەرخی کارگە و شەماندەفەر و پاس و میترۆ و بارهەڵگرەکان – . ، هەموو دوکانەکان دابخرێن،

ناوەندەکانی کار دابخرێن، هەموو فەرمانگە و کەمپانیا و دامەزراوەکان کارەکانیان ڕابگرن چونکە ئەم هێڕشە یادی مەهسا و مەهساکانە و هێڕشی یادکردنەوەی شەشەکەمانە. وە هێڕشی تەقینەوەی تووڕەیی کەمەگایە لە بەرامبەر بکوژانی ئەم ئازیزانە لە هەموو شارەکانی ئێراندا.

بگومان وەدیهاتنی هەریەکەک لەو دوو لایەنە پێویستە بە چالاکی و هۆشوونی تایبەت و بەردەوام و چوونە لە لایەن هەستەوانان و هێکخەرانی بزووتنەوە ناڕازیەتییەکان. لەوانە بزووتنەوەی خانەنشینان، بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی دادگاییکردن، بزووتنەوەی ژنان کە بە شێوەی تایبەتیبە حیجابی هاتۆتە مەیدان، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە ناڕازیەتییەکانی دیکە. هیوادارم هەستەوانان و ئەوانەی بەشدارن لەو بزوتنەوانەدا لەگەڵمدا هاوڕا بن کە پێویستە تواوی هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بە هێکخستن و جەبەجێکردنی دروشمی "چڕەکان ڕابگرن و شەقامەکان داگیربکەن".

شەهلا دانشفەر: لە وتارەکەتدا جەختت لە وەستاندنی هەموو چڕەکان و داگیرکردنی شەقامەکان کردەتەوە. هەروەها حزبیش لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ بانگەوازی خەپیشاندان و کەبوونەوەی سەر شەقامەکان، جەختمان لەسەر کار ڕاگرتن(تعطیل)ی گشتی لە ٢٥ی شەهریوەردا کردەوە. لە کاتێکدا حکومەت ئەم هێڕشەی وەک پشوو ڕاگەیاندووە، بانگەوازی داخستن و مانگرتنی گشتی مانای چییە و هەڵوێست و گرنگییەکەی چییە؟

حەمید تەقوایی: بەڵێ، کەماری ئیسلامی بە بیانووی ئایینی ئەم هێڕشەی وەک پشوو ڕاگەیاندووە، بەڵام لە بنەڕەتدا و لە واقیعدا پشووی حکومەت لەم هێڕشەدا بە ترسی حکومەت لە مانگرتنی گشتی دەگەڵتەوە. بەمبەستی پوچەڵکردنەوەی بزووتنەوەی ناڕازیەتی خەڵک ئەم هێڕشەیان وەک پشوو ڕاگەیاندووە. بەڵام دوو لایەنی گرنگەوە کردەوەی خەڵک، بە تواوی پێچەوانەی سیاسەتی کەماری ئیسلامییە. یەکەم: خەڵک ئەم هێڕشە (تعطیل) دادەخەن بە یادی مەهسا و هەموو ئەو کەسانەی لە شەشی ساڵی ڕابردوودا گیانیان لەدەستدا و هەموو ئەوانەی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەدناوی کەماری ئیسلامیدا گیانیان لەدەستدا. ڕاگرتنی چڕەکان بە هێزگرتن لە گیان بەختکردوەکان و دژی بکوژانی ئەم ئازیزانە.

دووەم: باس لە وەستاندنی هەموو چڕەکان دەکەین. داخستنی حکومەت تەنها لە فەرمانگە و کارگەکاندا سنوردارە. کەمپانیا و دامەزراوەکان و ئۆتۆمبێل و بارهێگر و پاس و میترۆ و دوکانەکان لە داخستنی حکومەتدا نین. بانگەوازی ئەمە ئەوەیە کە هەموو

کەمپەینگا واز لە کارکردن بهێنن. ئامانجمان مانگرتن و داخستنی گشتی سەرتاسەریيە بۆ یادی مەهسا و قوربانیانی دیکە. و ئەم وەستانە ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵدایە و بۆ ئەوەی گەورەترین بەشداری کەمپەینگە بەشداری بکەن لەو ناڕەزایەتیانەدا.
تکایە ئاگاداربن لەم بارودۆخەی ئێستادا قوتابخانە و زانکۆکان داخراون و مانگرتن و داخستن بۆ ئەم بەشەی کەمپەینگە هیچ بایەخێکی نییە. هیچ مانایەکی نییە بۆ جوڵەی خانەنشینان یان جوڵەی بۆ حیجابی و دادخوازی. بەڵام ئەمانە هەڵمەتێکی سەرکی خەپیشاندان و گردبوونەوەی سەر شەقامکانن. باسی ئەمە ئەوەیە کە لە ٢٥ی شەهریوەردا هەموو فەرمانبەران و کرێکاران، هەموو کرێکارانی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، هەموو دوکاندارەکان، و بە یەک وشە، هەموو فەرمانبەران، واز لە کارەکانیان بهێنن و لە تەنیشت خانەنشینەکان بوەستن، لە تەنیشت قوتابیان بوەستن، لە تەنیشت قوتابیان بوەستن، و بوەستن لەلایەن مامۆستایانەوە بۆنە سەر شەقامەکان. بەم شێوەیە دەتوانین بە دەسەڵاتی تەواو و لەسەر ئاستی سەرتاسەری شەقام داگیر بکەین.
